# ئەندازە وبڕی مارەیی ئافرەتی تەڵاقدراو

[ كردي – كوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ مقدار مهر المرأة المطلقة ﴾

« باللغة الكردية »

فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# ئەندازە وبڕی مارەیی ئافرەتی تەڵاقدراو

پرسیاريك ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە ئەمەش دەقی پرسیارەكەیە :

**پرسیار :** ئایا ئەو مارەیەی كە دەدرێت بە ئافرەت پاش تەڵاقدان وجیابوونەوە لەپیاوەكەی ئەندازەكەی چەندە ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری گەورە و باڵادەست و درود و ڕەحمەتی فراوانیش بۆ سەر گیانی پاكی پێشەوای پێغەمبەران محمد المصطفى و ئال و بەیت وهاوەڵ و شوینكەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی .

خۆشەویستان مارەیی ئەو ئافرەتەی تەڵاق دەدرێت وجیا دەبێتەوە لە پیاوەكەی چەند جۆر وشێوەیەكەیە، هەر شێوەیەكیان جیاوازە لەوی دیكەیان، ئەویش بەپێی ئەو ئافرەتەی تەڵاقدراوە و جیابوەتەوە لە پیاوەكەی حوكمەكەی دەگۆڕێت :

**یەكەم :** تەڵاقدان و جیابونەوە پێش ئەوەی كە پیاوەكە بچێتە لای و پێش ئەوەیشی مارەییەكەی بۆ دیاری كرا بێت : جا لەم حاڵەتەدا، واجبە لەسەر ئەو پیاوە كە بەپێی دەسەڵات و دارایی خۆی وعورف و داب نەریتی ئەو شار و جێگایە مارەیی بۆ دیاری بكات و بیدات بەو ژنە، واتە : سەیر بكرێت بزانرێت كە هاوشێوەی ئەو ژنە لەو شارە وجێگایە مارەیان چەند پێدراوە لە لایەن پیاوەكانیانەوە، ئەمیش هێندە بدات بەو ژنەی كە تەڵاقی داوە، لەم بارەیەشەوە خوای گەورە فەرموویەتی : (لَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِنْ طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ ) {البقرة :٢٣٦} واتە : هیچ گوناهتان لەسەرنییە ئەگەر ژنانێک تەڵاق بدەن کە هێشتا نەچووبنە لایان، یاخود مارەیتان بۆ دیاری نەکرد بوون، پێویستە لەسەرتان هەندێک سامانیان بدەنێ، جا

ئەوەی دەوڵەمەندەو زۆری هەیە و ئەوەی کە هەژارو کەم دەستە (هەرکەس) بەپێی تواناى خۆى، ئەم دیاری و یارمەتییانە بەشێوەیەک بێت کە بەپێی عورف وباوو پەسەندی شەرع بێت، ئەمەش ئەرکێکی پێویستە لەسەر چاکەکاران .

**دووەم :** تەڵاقدان وجیابوونەوە پێش ئەوەی بچێتە لای، بەڵام مارەیی بۆ دیاری کرا بێت : ئەگەر پیاوێك ژنەکەی خۆی تەڵاقدا پێش ئەوەی بچیتە لای، بەڵام مارەیەکەی بۆ دیاری کرابوو، ئەوە واجبە لەسەر ئەو پیاوە نیوەی ئەو مارەیەی کە دیاریکراوە بیدات بەژنەکەی، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : (وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّا أَنْ يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَنْ تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلَا تَنْسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ) {البقرة :٢٣٧} واتە : ئەگەر ئێوەپێش چوونە لای ژنەکانتان، تەڵاقتاندان، و مارەییشتان بۆ دیاری کردبوون، دیارە نیوەی ئەومارەییەیان دەکەوێت کە بۆتان دیاری کردوون، شیاوی باسیشە ئەگەر لەم حاڵەتەدا مێردەکە پێش ژنەکەی مرد، ئەوا ژنەکە تەواوی مارەیی یەکەی ئەبات، خۆ ئەگەر ژنەکە پێش مێردەکەی مرد، دیسانەوە هەر تەواوی مارەیی یەکە ئەڕوات بۆمیرات بەرانی ژنەکە، مەگەر ژنەکان خۆیان چاوپۆشیتان لێبکەن ومافی خۆیانتان پێببەخشن، یان ئەوکەسە گرێدانی مارەکردنەکەی بەدەستە چاوپۆشی بکات، واتە: مەگەر ژنەکە خۆی بڵێ: هیچم ناوێ لێی، یان مێردەکە گشتی مارەییەکەی بداتێ. (تەبەریی) دەڵێت: ئەو کەسەی مارەکردنەکەی بەدەستە مێردەکە دەگرێتەوە، هەندێکیش دەڵێن نەخێر مێردەکە ناگرێتەوە، بەڵکو مەبەست پێی سەرپەرشتیارو (وەلیی) ژنەکەیە، چاوپۆشی و لێبووردنتان لە مافی خۆتان لە پارێزکاریەوە نزیکترەو چاکەو پیاوەتی نێوان یەکتر فەرامۆش مەکەن، بەڕاستی خوا بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن

**سێهەم :** ئەگەر هاتوو تەڵاقدانەکە پاش چوونە لای بوو، وە مارەیشی بۆ دیاریکرابوو : ئەوا ئەو کاتە واجب دەبێت لەسەر پیاوەکە تەواوی ئەو مارەییەی کە بۆی دیارکراوە بیدات بە ژنەکەی بە هیچ کەم وکوورتیەك : وەك  خوای گەورە فەرموویەتی : (وَإِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنْطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا ) { النساء :٢٠ } واتە : خۆ ئەگەر ویستتان هاوسەرێک بخەنە جێگەی هاوسەرێکی تر ( واتە : ئەگە وویستتان تەڵاقیان بدەن) مارەییەکەی (ئاڵتون و سامانێکی) زۆرتان پێدا بوو، ئەوە نابێت هیچ شتێکی لێ بگێڕنەوە و لێی کەم بکەنەوە، ئایا ئەو مارەییەی کە پێتانداوە وەریدەگرنەوە لێیان بەدروست کردنی بوختانێکی ناڕەواو گوناهو ستەمێکی ئاشکرا؟! ( واتە : نەدان وکەمکردنەوەی بەبێ ڕەزامەندی ئەو ژنە تاوان وگوناهێکی ئاشکرایە ) .

**چوارەم :** ئەگەر هاتوو ژن تەڵاقدرا پاش گواستنەوە وچوونە لای، بەڵام مارەیی بۆ دیاری نەکرابوو : لەم حاڵەتدا وەك جمهوری زانایان دەڵێن : دەبێت ( مهر المثل ) بدرێت بەو ژنە تەڵاقدراوە، ( مهر المثل ) یش واتە : دەبێت سـەیر بکریت و بیرسـرێت بزانرێت کە ئایا ئافرەتانی هاوشـێوەی ئەم ژنە تەڵاقدراوە مارەییەکەیان چەند بووە، ئەو کاتە واجبە لەسـەر ئەم پیاوەش بەئەندازەی مارەیی ئەو ئافرتانە بدات بە ژنەکەی .

خوای گەورەش لەهەموو کەس زاناترە .